# چاکبوونی شەکرە کارێکی کردەنییە

د. مەحموود رەزوان
و: د. ئازاد مستەفا مەحموود

وشەی چاکبوون و چارەسەر جودان. چارەکردنی نەخۆش ،نەخۆش دەگەڕێنێتەوە بۆ دۆخە سروشتییەکەی و بێی وی باری نەخۆش ناجۆرو تەندروستی دەشێوێ و تەنانەت دووچاری ئاڵۆسکارییەکانی دەردەکە دەبێ، کە رەنگە مەترسیداربن.

هەرچی چاکبوونەوە شیفا»یە ئەوە دەگەیەنێ کە دەردەکە لە بن و بۆتکەوە هەڵکەندرێ و قەلاچۆی هۆیەکەی کرێ.

زۆرینەی دەردە کەونارەکانیش چارە دەکرێن، لێ، چاکنابنەوە وەکو بەرزە پاڵەپەستۆی خوێن و ویڕای پێشکەوتنی مەزنیش لە چارکردنی دەردی شەکرە، کەچی چاکبوونەوەی رەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا مەیسەر بێ و زۆر تەقەلا لە ئارادان بۆ چاکبوونی ئەم دەردە کە لەمانەدا خۆیان دەبیننەوە:

١- شیلکچاندن (زرع البنكرياس): لێ پاش چاندنی ئەم ئەندامە هەوڵەکە ئەوە دەخوازێ کە دەرمانی بەهێز بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرگری جەستە وەرگیرێن تاکو لە بەرگریی لەش دژی پەنکریاسی چێندراو کەم بکرێتەوە بۆ تارادەیەکی وا بەرگری لەش کەم دەبێ، کەوا ئیتر لەشەکە توانای نامێنێ بەرگەی هیچ دەردێ بگرێ.

بۆیەش چاندنی شیلک شیکاری گونجاو نییە بۆ چاکبوونەوە (شیفا)ی نەخۆشیی شەکرە.

ئەم تەقەلایانە ئەنجامی زۆر هاندەرانەیان هەتا نهۆ داوە کە لەم خالانەدا دیارکراون:

١- گۆڕینی شێوازی ژیان بەهۆی ئەنجامدانی وەرزشی بۆ ماوەی (١٥٠) خولەک لە حەفتەدا و دابەزاندنی کێش بەڕێژەی (٧) ئەویش لەڕێی جەمە خۆراکی کەمتر و ناچەور.

٢- خواردنی دەنکی (مێتفۆرمین) (Metformin)(٨٥٠ ملگم) دووجار لە رۆژێکدا.

سەرەنجم داوە کە ئەم ئەزموونانە لەسەر کەسانێک دەکرێن بەر لە تووشبون بە دەردی شەکرەی جۆری (٢) کە ناومان ناوە حاڵەتی تەحەمول نەکردنی گلوکۆز.

ج- دەرمان کە نایەڵێ خانە چاندراوەکان (خانەکانی بێتا) رەت بکرێنەوە:

زانایان توانیویانە لە چاکبوونەوەی دەردەکە لە مەیموونان‌دا بە چاندنی ئەم خانانە، ئەمەش بەهۆی دەرمانێکی تازەوە کە رێ لە رەتکردنەوەی ئەم خانانە دەگرێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشکەوتنێکی چاکەو هەنگاوێکی مەزنە بەرەوپێش. ناوی ئەم دەرمانە(Anti -Cd154 لەسەر مەیمووەمان ئەزموونی بۆکراوە، کە دەردی شەکرەیان هەبووە و چ ماکی لێ پەیدا نەبووە،

کاتێک کە ئەزموونە زانستییەکان ئەنجامدراوە.

**خانەکانی بێتا چین؟:**

ئەم خانانە لە (٢٪)ی خانەکانی پەنکریاس دەنوێنن. کاتێکیش ڕێژەی شەکر لە خوێندا بەرزدەبێتەوە ئەم خانانە ئەنسولین دەڕژێنن بۆ پاراستنی ڕێژەی سروشتی شەکر لە خوێندا.

کاتی دیتنی بە مایکرۆسکۆپ وەکو کۆمەڵەی بچووکی دوورگە دەردەکەون کە بەسەر دەریایەک خانەی دیکەی پەنکریاسەوەن.

لە هەندەرانیشدا ئەم کردارە ڕێک دەخرێ لە میانەی بەرنامەی بەخشینی ئەندامان ناشتوانرێ خانەکانی بێتا وەربگرێن لە هەر چ کەسێکی ناو خێزان.

ئایا دەکرێ خانەکانی بێتا وەدەست بهێنرێن بۆ چاندنیان لە یەک پەنکریاسەوە؟

– هەتا نهۆ کارەکە وا دەخوازێ کە زۆرێک لە ئەندامەکان شیلک (پەنکریاس) وەدەست بهێنرێن، لێ ڕێگەی تازە هەنە بۆ جوێکردنەوەی خانەکانی بێتا کە لەڕێگایانەوە دەکرێ زۆرترین ژمارەی خانەکان لە یەک کەسەوە وەدەست بهێنرێن. وەلێ ئەم ڕێگایانە بەگۆڕانی شارەزایی... ئەو تیمەی رادەبێ بەجوێکردنەوەی ئەم خانانە، دەگۆڕێ.

دەستێوەردانی نۆژداری بۆ چاندنی خانەکانی بێتا کتۆپیە؟

– دەستێوەردانێکی نەشتەگەریی زۆر ساکارە. نەخۆش بەنجی خۆجێیی لێدەدرێ لەگەڵ هێورکەرەوەیەکی سووکەڵە قەستەرەی خوێن هێنەری دەرکەوانە دەبڕێتەوە ژوورەوە، پاشان ئەم خانانە بەدەرزی لە میانی قەستەرەی جەرگ لێدەدرێ تاکو دەست بەکاری خۆی بکات.

بۆچی هەتا نهۆ خانەکانی بێتا لەگەڵ چاندنی ئەندامەکان دەچێنرێن؟

– چونکە چاندنی خانەکانی بێتا پێویستی بەوەرگرتنی دەرمانی بەهێز هەیە بۆ کپکردنی بەرگری تاکو نەهێڵرێ ئەم خانە چاندراوانە دەربکرێن کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازیی بەرهەڵستیی لەش بۆ دەردەکانی دیکە.

مەترسیی ئەم دەرمانانەش خراپتر لە پاشترە تەنانەت ئەگەر هاتوو نەخۆش لە شەکرەش چاک بوویەوە.

بۆیەش تەنێ کاتێک وەردەگیرێن کاتێک کەوا نەخۆش دووچاری دەردی کەڤناری گورچیلان بووبێت، کە پێویست بکات چاندنی بۆ بکرێت و پێویست دەکات ئەم دەرمانانە وەربگرێت، ئینجا چاندنی خانەکانی بێتا ئەنجامدەدرێ.

ئایا پێشکەوتن لە دەرمانەکانی کپکەری بەرگریدا ڕوویداوە؟

– توێژینەوە نوێکان بەتایبەتی لەو نەخۆشانەدا کە جەرگ و گورچیلەیان بۆ دەگوێزرێتەوە، بەنموونەی ئێسکە تۆخ بەدەرزی لێیان دەدرێ. بەکردەوەش دەرکەوت کە وەرامدانەوە بۆ زۆربەی حاڵەتەکان هەبوون، هەروەها بوو بەهۆی پێشکەوتنی چاندنی خانەکانی بێتا.

**لە کوێوە ئێسکەمۆخ دەستگیر دەکرێ؟**

– لە هەمان بەخشندەی خانەکانی بێتا تاکو وەرامدانەوە بۆ خانەکان پەیدا بکات و وابکات خانەکانی بێتا ڕەت نەکرێنەوە (لەلایەن وەرگرەوە) لەم حاڵەتەشدا هیچ دەرمانی دی بۆ کپکردنی بەرگری تاکو ماوە لە ژیان بە نەخۆش نادرێ. وەرامدانەوەی نەخۆشەکەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا کارلێک کردن لە نێوان ڕشتەی بەرگریی نەخۆش و خانەکانی بێتای چێندراو لەلایەن بەخشندەوە ڕووینەداوە.

**ژێدەر:**
**کۆڤاری (طبيبك الخاص)**
**ژمارە (٤٧٦) ئابی ٢٠٠٨م شەعبانی ١٤٢٩ هـ.**